## ئەرێ پێویستە بیربکەینەوە؟

سەختیی وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە لەوەدایە ڕاستەوخۆ پەیوەستی گوزەران، بەرژەوەند و دڵگەرمی نییە. گەر سەرەدێڕی گوتار بانگەواز با بۆ تەندەرێک، بۆ پێشانگەیەکی شیکپۆشی یان هەرچییەکی لەو بابەتانە، دڵ و چاوان بەهەڵەداوان ڕوویان تێ دەکرد. بۆ ئەوەی بابای کووچە و بازاڕ پەی بە پەیوەندیی نێوان بیر و بەرژەوەند بەرێت پێویستە ئەو خەسڵەتە بازارییە لە خۆی داماڵێت و بە هۆشێکی ڤەکری و ڕیشەدۆزەوە، بە مەزاجێکەوە چێژ لە گەمەی «بیرکردنەوە» ببینێت، بچێتەوە کۆڕی بیرمەندانەوە.

هەر ئەمەیشە هۆکار لەوەدا کە من هەمیشە لە نووسیندا بەپەرێزم لە گفتوگۆی کەسانێکی ناخوێننەوە و لە خوێندنەوەشدا بە بابەتی خەست وەتەنگ دێن. تەنانەت گەر خێرخوازێکیش بێبەرانبەر کەوتە ڕوونکردنەوەی بابەت، ئەمان دەرئەنجام و درەنگکەوتنی بەرهەمدانی بابەتەکەیان لێ دەبێتە بارگرانی. پشتی تێ دەکەن و ڕوو لە ڕووکاری فرۆشگە و کاڵای دووکانان دەکەن، یان دەگەڕێنەوە ملدان بۆ ڕەوتی ڕۆژانەی ئاسایی.

لە تەبیاتی مندا نییە گلەوگازندە لەو کەسانە بکەم، منیش لە جێی ئەوان بام هەر وەهام دەکرد. بەڵام ئەوە هانم نادات ئەو ڕێکارە ڕەت بکەمەوە کە پێی گەیشتووم و بووەتە مایەی ورووژاندنی پرسیارەکەی ئەم سەرەدێڕی گوتارە. دەنووسمەوە: ئەرێ پێویستە بیربکەینەوە؟

مرۆڤ، لە هەر ئاستێکی هۆشڕوونیدا بێت، کە هاتە سەر برسیبوون و هەناسەدان خاوەن بژارە نییە. «بیر» هەر خۆڕسک گەرۆکێکی پرسن و نێژراودۆزە، مەگەر ترساندن پەکی بخات، شەعبەدەبازی لەناوی بەرێت، ئومێدبەخشین لە زمانی بخات و شێتبوون فەلەجی بکات. بە نەمانی کۆسپیش، بیر سەرلەنوێ دەبووژێتەوە. ئەمەش یەکێکە لە دژوەستانەکانی مرۆڤایەتی بەرانبەر بیرۆکەی داوەستان و سڕبوون.

پەیوەندیی نێوان بیر و هۆش -یش[1] خەریکە بڵێم دەگاتە ئاستی تێچەسپین، وەک تێچەسپینی سنگ، سی و سەر بە لەشەوە. هەر یەکەیان بەشێکی تێچەسپیە لە گشتەکەدا. پێشم وەها نییە ببمە مشەخۆر بەسەر دونیای زانایانی بایۆلۆژی و ئەنترۆپۆلۆژی، بەسەر زانستی دەروونناسی و ئەرکی ئەندامانی لەش گەر بڵێم «بیر» بەهێزترین دۆزەرە لای هۆش بۆ پەیدۆزی، بۆ پێواندن و وەدەستهێنان. چونکە بیر ژان دەگرێت و ئەوجا فەلسەفە و لۆژیک، زانستی ئەستێرەناسی و فیزیک و ماتەماتیک دێنە زان و پاشان، بە ئامرازی لەبارەوە، ڕووی دەکاتە وردەکاریی سروشت، ڕووەو زانستی پشتەفیزیک هەڵدەکشێت، لە دەروازەی کاتبەدەر[2] و ڕەهای[3] دەدات و بە ورشەی خویابوو[4] سەرەپەنجە لە شکۆی[5] ئافراندە دەخشێنێت.

کەواتە بیر، لە هەوڵی مانەوەدا، لە هەوڵی زاڵبووندا بەسەر ناساز و ڕێبەستەدا،[6] لە دەرفەتسازیدا بۆ پەڕینەوە بەرەو پەنهان چەکێکی کاریگەرە. یەک لە خووەکانی بیریش ئەوەیە گەر قووڵبوونەوەی لە کێشەیەک، لە ئاڵۆزکانێک و سەختەگرێیەک دەوامەی کێشا، دەچێت و دۆزەکە دەگوێزێتەوە بۆ ناخی «هۆشی ون»، لەوێ خەریکی دەبێت هەتا چارەی دەکات و ئەوجا، لە دەرفەتێکی لەباردا، سەری دەخاتەوە بۆ هۆشی ئاگا و هەر دەڵێیت سرووشێکی پەنهانە کەچی دیاردەیەکی

---

[1] - لێرەدا بیر بەرانبەر «فكر» و هۆش بەرانبەر «عقل» هاتووە.

[2] - کاتبەدەر: ئەزەل و ئەبەد — أزل وأبد.

[3] - ڕەها: مطلق.

[4] - «ورشەی خویابوو» بەرانبەر «اشراقات مستشفة» هاتووە. بۆ «ورشە» بڕوانە «زاراوەسازیی پێوانە»، ل 32 — سایتی مامۆستا: www.mamosta.net

[5] - شکۆ لێرەدا بەرانبەر «مەلەکووت - ملكوت» هاتووە.

[6] - دەستەواژەی «ناساز و ڕێبەستە» بەرانبەر «المتعسر والمتعذر» دانراوە.

فیزیۆلۆژییە ڕێبازی ڕاڤەکراوە و لای بیرمەندانی دەوروبەری خۆت تووشی دێیت و گەر فرووتەنیی ئەو بیرمەندانە ڕێبەست نەبێت خۆیان دەیپەژرێنن. بڕوانە شانۆنامەی بێرنارد شەو Bernard Shaw دەربارەی جان دارک Saint Joan (Jeanne d'Arc) و پێشبینییە ڕاستبێژەکانی وی.

پێم وانییە سنووری خۆمم بەزاندبێت گەر بڵێم ئەو بۆچوونەی لای بیرمەند هەو دەکات دەربارەی دۆزگەلی جڤاکی، لە جۆرەکانی ئابووری و سیاسی و نێودەوڵەتییەوە، شایانی ئەوەیە لای کەسانی بەرپرس لە کاروباری وەڵات - هەر وەڵاتێکی دونیای بێت - وێڵ نەکرێت. چونکە دوور نییە چارەسەرێکی تێدا بێت ئەوان نەیزانن. گەر وابەستەبوونی بەرپرسیش بە بۆچوونی بیرمەندەوە خاڵێکی باسبەدەر بێت، خۆ کارێکی دادپەروەرانەیە بەرانبەر بیر و بیرمەند و بەرژەوەندیی نیشتماندۆستی، دەرفەت بدرێتە بیرمەند دیدی خۆی لەو باسانەی لێیان شارەزایە، لە سنووری ئازادییەکدا شایانی پێگەی بیر بێت، ئاشکرا بکات. ئەمەش «ئیمانێکی هەرە ناوەندە».[7]

مەسعوود محەمەد
ڕۆژنامەی «القادسية» - بەروار و ژمارەی ڕۆژنامەکە دیار نییە.
بەستەری سەرچاوە:

http://www.mamosta.net/Arebi/Gutari_Arebi/MM_Hel_mn_al_Dheruri.jpg

تەرجەمەی سایتی مامۆستا.

[7] - «أوسط الإيمان» – ئاماژەیە بە دەستەواژەی «أضعف الإيمان».